# دڵگەش موراد:

# توانیومە پۆشاکی نەتەوەییم بەخەڵکی بیانی بناسێنم

**دیمانە: گەشاوە جاف ـ لەندەن**



لە وڵاتی بەریتانیا و لەباکوری شاری لەندەن لە ناوچەی (چیڵك فارم) چاومان کەوت بە خانمێکی کوردنشینی ئەو ناوچەیە، کە چەند ساڵێکە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لە تاراوگە دەژی. خۆشەویستی ئەم خانمە بۆ پۆشاکی کولتوری کوردی وایکرد کە لە هەندەران عەشقی پۆشاکی کوردی کاریگەری بکاتە سەری و ببێتە دیزاینەری پۆشاکی کوردی ژنان و زۆر بە سەرکەوتووانە، نمایشکردنەکانی لەم بوارەدا بۆ بینەرانی کورد و بیانی نمایش بکات. توانی بەم دارشتنە تازەگەریەی پۆشاکی کوردی لە نێو دڵی گەنجانی کورد بەگشتی و گەنجانی تاراوگە بەتایبەتی خۆشەویست بکات، هەروەها ناساندنی پۆشاکی کوردی بە جیهانی رۆژئاوا بە هۆی نمایشی پۆشاکەکانی کە خۆی بەشێوەیەکی نوێ سەر لەنوێ دایرشتوونەتەوە، بە هۆی کارەکانی لەم بوارەدا وایکرد کە ئێمەش هەر وەك گەلانی جیهان بە پۆشاکی نەتەوەی خۆمان شانازی بکەین.

بۆ ئەم مەبەستەش خاتوو دڵگەش موراد بەم شێوەیە بۆمان دوا:

" لەسەرەتای منداڵیمەوە عاشقی پۆشاکی کوردی بووم، ئەو عەشقەم وایکرد کە لەساڵی ١٩٩٠ دەست بکەم بە دیزاینی پۆشاکی کوردی ژنان، دوای ئامادە باشییێکی زۆر توانیم یەکەم نمایشی پۆشاکم (فاشن شۆ) لە ساڵی ٢٠٠٣ لە (کوفە گەلەری) پێشکەش بکەم، کارێکی سەرکەوتوو بوو بینەرێکی زۆری لەرەگەزە جیاجیاکانی شاری لەندەن هەبوو. ئەم سەرکەوتنە بووە هاندەرم بۆنمایشی پۆشاکی (فاشن شۆ) دووهەمم کە لەهەمان ساڵ لە(ئایرش سەنتەر) ئەنجاممدا، بێجگە لە بینەری کورد بینەری بیانیش زۆر ئامادەی نمایشەکەم بوون."

لە لێدوانەکەماندا، دڵگەش خان ئاماژەی بەوەکرد کە بەهۆی سەرکەوتنی نمایشی دووهەمی، براوەی خەڵاتی (میلانیۆم ئە وۆرد) بووە، کە حکومەتی بەریتانی ئەم خەڵاتەی پێبەخشیوە، بۆنمایشی سێهەمی کە لە(سەنت مێری چێرچ) پێشکەش کرا. لەلایەن شارەوانی لەندەن بروانامەی باشترین دارێژەری پۆشاك (فاشن دیزاینەر)ی بەدەست هێنا، ئەم خەڵاتانە بوونە هاندەری باش بۆ نمایشکردنی گەورەترین نمایشی پۆشاکی ئەو(فاشن شۆ) لە(فکتۆریا ئەلبەرت مووزەیەم) لە لەندەن لە مانگی دووی ئەم ساڵ، کەزۆر

تونسان
ژماره ٧
تشرینی دووەمی ٢٠٠٧



جێگەی سەرنجی بینەر بووە.

هەروەها وتی:"هەوڵی داوە پۆشاکەکان بەپێی وەرزەکانی ساڵ، لەماڵپەڕە تایبەتەکەی خۆیەوە جیابکاتەوە، هەروەها جارێ لەبەرنەبوونی دەرامەت هەوڵی نمایشی وەرزی نەداوە ، لەبارەی نمایشەکانی لەوڵاتانی ئەوروپا، بۆ رەوەندی کورد گەڕاندییەوە ، بۆ نەکردنی کاری جددی لەو بارەیەوە، هەرچەندە لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و بەلجیکاو فەرەنسا بانگهێشتکراوە. بۆ هۆکارەکانی ئەمەش، دڵگەش خان وتی:(تا ئێستا بەداخەوە سەری نەگرتووە، کەنمایش لەو وڵاتانە بکەم، تا رەوەندی کوردی ئەو وڵاتانەش بێبەش نەبن لە گۆڕانکارییەکانی پۆشاکی کوردی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دارایی کە هەر نمایشێك نزیکەی چوار تا پێنج هەزار پاوەندی تێدەچێت).

دڵگەش خان لەبارەی ئەو کچانەی کە نمایشی بەرهەمەکانی دەکەن، پێی ڕاگەیاندین کە" کچەکان هەمووی کوردن لە سەرەتادا بە خۆبەخش کاریان بۆ کردم، بەڵام دواجار پارەیان بۆ وەرگیرا." ئەو ئاماژەی بەوەشدا "کیژە کاڵەکەشیان کوردەو دایکی ئێرلاندی یە، بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیەم دا ، چونکە زۆر کەس وایان دەزانی بیانیە. لە راستیدا من بەبێ بوونی ئەوان کارم بۆ ئەنجام نەدەدرا جێی شانازی و سەرکەوتنی منن."

بۆ تێڕوانینی خەڵك بەرامبەر ئەم تازەگەریەی کە بەسەر پۆشاکی کوردی ژنان هێناویەتی بەم جۆرە بۆمان دوا"دیزاین(دارشتن) هونەرێکە وەك هەموو هونەرەکانی تر، لەبەرئەوەی داهێنانی تازە دەخولقێنی زۆر کەس هەن کە ئەم جۆرە داهێنانەیان زۆر لاپەسەندە، وەك هەمووشمان دەزانین چێژ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی ئەتوانم بڵێم کەزۆر لەلای خەڵك بە جوان ئەبینرێت و ئەم جۆرە تازەگەریەیان پێ جوانە ، بەم هۆیەشەوە توانیوومە کەسەرنجی ئەوروپی ڕابکێشم تا ئەو ڕادەیەی بوونەتە کڕیاری بەرهەمەکانم. کە ئەمەش من بە گەورەترین دەسکەوتی ئەزانم، کە توانیومە پۆشاکی نەتەوەی خۆم بە خەڵکی بیانی بناسێنم بۆتە هۆی تێکەڵبوونی هەردوو لامان، لەناوەوەو دەرەوەی کوردستانیش کڕیارم زۆرە بەتایبەت باکوری کوردستان کە مایەی خۆشحاڵیمە."

لە درێژەی دیمانەکەماندا دڵگەش خان باسی لەبوونی هاوسەرەکەی کرد لەژیانیداو چ مانایەکی هەیەو بۆ خۆیو کارەکەی، وتی" من ئەڵێم لەپشت هەر ژنێکی سەرکەوتوو، پیاوێکی دڵ گەورەو خۆبەخش هەیە، کە ئەمانە خۆشبەختانە لە هاوسەرەکەمدا کۆبوونەتەوە، کە(ئەحمەدی ئەنوەری) یە،خۆشی هونەرمەندە، بڕوابوونی هاوسەرەکەم بە من باوەڕی زیاتری پێبەخشیم بەبێ یەکتری ناتوانین کارەکان ئەنجام بدەین، بیرمان نەچێت لەگەڵ کیژە نمایشکارەکانیش، ئێمە وەك سێ گۆشەیەك واین، شایەنی باسە کە ئەحمەد کاری (ستەیج مانجەر) بەڕێوەبەری شانۆیە لە




کارە ئیداریەکانیش زۆر هاوکارمە لە بەڕێوەبردنی نمایشەکەم."

دەربارەی دوورین و دەستکەوتنی قوماش و زێرو زیوەکان دڵگەش خان وتی: کە" پۆشاکەکان لە لەندەن لە لایەن خاتوونێکی ئەوروپی کە بەکاری بەرگ دوورین هەڵدەستێت، قوماشەکان هەندێکیان لە لەندەن وهەندێکیان لە کوردستان بەدەستی دەهێنین و کاری دەست، وەك چنینی پوولەکە لە کوردستان لە لایەن سێ خوشکەوە لە شاری سلێمانی بۆمان ئەنجام دەدرێت و خشڵ و زیو لە شاری هەولێر و سلێمانییەوە دەهێنین."

دڵگەش خان لە بارەی کۆرسی (ئیمج کۆنسڵتانت) کە مانای ڕێکخستنی جل و بەرگ لەگەڵ ڕەنگی پێست و باڵا و ئەندامانی لەشی مرۆڤ دەگەیەنێت، وتی: کە"ئەم کۆرسەم کرد ساڵی پار بەشێکی تازەبوو، بۆ ئەوروپییەکان بەگشتی و بۆ کورد بەتایبەتی، ئەمەش بۆ زیادکردنی زانیاری خۆم بوو، بۆ بواری کارکردنم لەگەڵ مرۆڤەکان و ڕەنگی قوماشەکان. بۆنموونە: کە دوو کچ سەیری پۆشاکی یەکتری دەکەن، یەکێکیان دەڵێ ئەم کراسەت جوانە یەکێك دەکڕم، بەڵام کە دەیپۆشێت بە ئەندازەی یەکەمیان لێی جوان نیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی قوماشەکە لە گەڵ ڕەنگی پێست و ئەندامانی لەشی کچی دووهەمیان."

لەکۆتاییدا خاتوو دڵگەش هیوای خواست کە بەهۆی دیزاینەکانی (دارشتنی نوێی پۆشاکی کوردی ژنان) ەوە، پۆشاکی کوردی لەناو گەنجان خۆشەویست بکات و لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا بیپۆشن، بە کاڵایەکی کۆن و دواکەوتووی نەزانن و ڕۆژێك بێت جلی کوردی بچێتە دنیای مۆدەی جیهانی.

ئەوەی ماوە بڵێین کە لەڕێگەی ماڵپەری تایبەتی دڵگەش موراد (www.dellalondon.co.uk) ئەتوانن لەنزیکەوە کارەکانی ببینن، هەروەها سەرنج و بۆچوونی خۆتان هەر لەو ڕێگەیەوە بۆ خاتوو دڵگەش بنێرن.